ئاسانکاری بکەن وکارەکان قورس مەکەن، موژدە بدەن وخەڵک مەڕەتێنن

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئاسانکاری بکەن وکارەکان قورس مەکەن، موژدە بدەن وخەڵک مەڕەتێنن».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە ئاسانکاری لەسەر خەڵکی وگران وقورس نەکردنی ئەرکەکان لەسەریان لەبابەتەکانی ئاین ودونیا، ئەمیش لەسنووری ئەوەی خودا ڕێگەی پێ دابێت ولەشەریعەتی فەرمانی پێ کردبێت وئامۆژگاریان دەکات لەسەر موژدەدان بە خێر، ونەڕەتاندنی خەڵکی لە شەریعەتەکەی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5866